# یاسای میلاک ژمارە 25ی ساڵی 1960[1]

# ڕێنمایی میلاک ژمارە 23ی ساڵی 1979 ڕێنمایی تەنسیبی فەرمانبەران

(1) لە ژمارە 300ی ڕۆژی 1960/2/6 لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی بڵاو کراوەتەوە.

**به ناوی گەل**

**ئەنجوومەنی سیادە**

**پـاش تێڕامـان لە دەسـتووری کاتی و لە سـەر ئـەوەی وەزیـری دارایی خستتوویەتەروو و رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران**

## ئەم یاسایەی خوارەوە پەسند کرا:

**مادەی یەکەم:**

بڕیـاردرا بـە دیاری کردنـی مووچەکان بـۆ وەزیفەکان لـە فەرمانگەکانی حکومەت بە پێی هاتوو لە خشـتەکانی پاشـکۆی ئەم یاسـایە (کۆتاییەکانی ئەم کتێبە).[1]

**مادەی دووەم:**

وەزیـری تایبەتمەنـد بەرپرسـە لـە بەڕێوەبردنـی وەزارەتەکـەی بـە شێوەیەکی ئابووریانە کە پەیوەستن بە ژمارەی فەرمانبەران و پلەکانیان و پێویسـتی هەبوونـی توانای بەرزیان دەربارەی ئـەو ئەرکانەی پێیان دەسپێردرێت.

**مادەی سێیەم:**

بۆ وەزیری دارایی هەیە لە کاتی پێویست و بۆ بەجێ گەیاندنی بەرژەوەندی گشتی، رەزامەندی دەرببڕێت لە سەر بەکارهێنانی وەزیفە تایبەتەکانی هاتوو لە خشتەی ژمارە 3ی یاسای میلاک ژمارە 25ی ساڵی 1960هەموار کراو لە لایەن وەزارەتەکانی تر کە کاروبارەکانی پێویسـت بەو جۆرە ناونیشانە

**(1) مووچەکان گۆڕانکاری تەواویان بەسەردا هاتووە بە گوێرەی هەر سەردەمێک، ئێستاش مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکان بە پێی یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2008 رێک خراون بەڵام لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا ناونیشان و مووچەکان دەخەینە روو.**

وەزیفییانــە بــکات، هەروەها بــۆی هەیە بڕیار بدات لە ســەر هێنانە کایەی هەندێک ناونیشــانی وەزیفی هاتوو لە سیســتەم یان بنەماکانی خزمەت لە فەرمانگە نیمچە فەرمییەکان بۆ فەرمانگە فەرمییەکان، کە خاوەن سروشتی هاوشــێوە بێــت لەگــەڵ فەرمانگەکانی ئامــاژە پێ کراو بە زیــاد کردنی بۆ خشتەکانی پاشکۆی یاسای میلاک لە سەر پێشنیاری وەزیری تایبەتمەند.[1]

**مادەی چوارەم:**

لە ســەر هەمــوو وەزیرەکانە کە ژمارە و پلەکانــی فەرمانبەران بخەمڵێنن کە پێویســتن بۆ گشت فەرمانگەکانی وەزارەتەکەی لە ماوەی ساڵی دارایی داهاتوو و ئەم خەملاندنە پێشکەشــی وەزیری دارای دەکات لەو ڕێکەوتەی کە دیاری دەکات و پاش پەسند کردنی لە لایەن وەزیری دارایی، خشتەیەکی تایبەت دەکرێتە پاشکۆی بودجە کە تێیدا ژمارەکان و پلەکان دیاری دەکات و دەکرێت گۆڕانکاری بکرێت لە ماوەی ساڵەکە بە پێی حوکمەکانی مادەی 3 ی ئەم یاسایە.

**مادەی پێنجەم:**

1 - دەکرێت ژمارەی وەزیفە سەرقاڵەکان (مشغول) زیاتر بێت لە ژمارەی پلــە پەســند کراوەکان کە یەکســان بێت بە ژمارەی وەزیفــە بەتاڵەکان لەو پلەیەی کە لە دوای دێت.
2 - دەکرێت فەرمانبەر دابمەزرێت یان وەزیفەیەکی بەرزتر لە وەزیفەکەی بگرێــت بە یەک پلە ئەگەر تواناکانی ســەلمێندرا بــە هەمان ڕێگای پلە بەرز کردنەوەی پەیڕەو کراو بە پێی حوکمەکانی یاســای خزمەتی شارستانی و دەکرێــت پلە بــەرز کردنەوەی بۆ بکرێت لە کاتی تەواو کردنی ماوەکەی لە لایەن وەزیرەوە.

---

**(1) ئەم مادەیە بە پێی مادە 1 لە یاسای ژمارە 50ی ساڵی 1977 هەمواری یاسای میلاک ژمارە 25 ساڵی 1960 ڕاست کرایەوە، بەم شێوەیەی سەرەوە نووسرایەوە.**

**مادەی شەشەم:**

وەزیــری دارایــی بــۆی هەیە کــە وەزیفــەکان بگوازێتەوە لــە میلاکێک بۆ یەکێکــی تر بە مەبەســتی گواســتنەوەی فەرمانبەر لــە فەرمانگەیەکەوە بۆ فەرمانگەیەکــی تر پاش رەچاو کردنی پاڵپشــتی بودجەی تەرخان کراو بۆ فەرمانگەکە کە بۆی دەگوازرێتەوە.

**مادەی حەفتەم:**

بــۆ ئەنجوومەنی وەزیران هەیــە وەزیفەی زیادە لە پێویســت بکوژێنێتەوە لە میلاک لە ســەر پێشــنیاری وەزیری دارایی کە تێیدا ناونیشــانی وەزیفە زیادەکە و ناوی ئەوانەی وەزیفەکەیان گرتووە، دیاری بکرێت.

**مادەی هەشتەم:**

میلاکاتی فەرمانبەران لە لایەن وەزیری داراییەوە پەسند دەکرێت و کاری پێ دەکرێت لە ماوەی ئەو ســاڵە داراییەی کە تێیدایە و ئەگەر ساڵی دارایی نوێ هات و یاسای بودجەی تێیدا دەرنەچوو، ئەم میلاکانە بەردەوام کاری پێ دەکرێت تا میلاکاتی ساڵی دارایی نوێ پەسند دەکرێت بە رەچاو کردنی مادەی 3ی ئەم یاسایە.

**مادەی نۆیەم:**

بۆ ئەنجوومەنی وەزیران هەیە لە ســەر پێشــنیاری وەزیــری تایبەتمەند و پشتگیری وەزیری دارایی بە دیاری کردنی مووچە و تواناکانی ئەوانەی بە وەزیفەی پلەی تایبەت دادەمەزرێن.[1]

**مادەی دەیەم:**

ماوە بەسەربردراو لە وەزیفە تایبەتەکان ئەژمار دەکرێت بۆ مەبەستەکانی

**(1) ئەم مادەیە بە پێی مادە 1 لە یاسای ژمارە 107ی ساڵی 1968 هەمواری یازدەهەمی یاسای میلاک ژمارە 25 ساڵی 1960 هەڵوەشایەوە، بەم شێوەیەی سەرەوە نووسرایەوە.**

ســەرمووچە و پلە بەرز کردنەوە لە کاتی دامەزراندن یان گواستنەوەی بۆ یەکێک لە وەزیفەکانی تر.

**مادەی یازدەهەم:**

لە سەر وەزیری داراییە کە ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**مادەی دوازدەم:**

یاسای میلاکی ژمارە 56 ی ساڵی 1956 هەڵدەوەشێتەوە.

**مادەی سێزدەم:**

ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت لە 1 نیسان 1960.

**مادەی چواردەم:**

لە سەر وەزیرەکانە ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

لە ڕۆژی بیســت و نۆی مانگی ڕەجەبی ســاڵی 1379ی کۆچی، ڕێکەوتی ڕۆژی بیســت و هەشــتی مانگی کانوونی دووەمی ســاڵی 1960 لە بەغدا نووسرا.[1]

**ئەنجوومەنی سیادە**

---

**(1) لەم یاسایە باسی بەکارهێنەران (المستخدمین)یشی کردووە، بەڵام بەبڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 911 لە 1976/8/19 هەڵوەشاوەتەوە.**

# ڕێنمایی میلاک ژماره 23ی ساڵی 1979

## ڕێنمایی تەنسیبی فەرمانبەران

**مادەی یەکەم:**

وەزیری دارایی لە سـەرەتای سـاڵی دارایی میلاکاتی فەرمانبەران پەسـند دەکات لە هەموو وەزارەتەکان و فەرمانگەکان بە پێی پێویستی بۆ خزمەتیان و کاروبارەکانی پێویست بۆ بەجێ گەیاندنی کارەکان و فەرمانبەران دیاری دەکرێن لە پلە پەسـند کراوەکان بۆ هەڵسـانیان بەو کارانەی کە تەنیا لەو وەزیفانـە دیاری کراوە، لە سـەر ئـەم بنەمایە ناکرێت فەرمانبەر تەنسـیب بکرێـت بۆ هەڵسـانی فەرمانبەر بـە هەندێک کار کە جیـاواز بێت لە کاری وەزیفەکـەی وەکـو: هەڵسـانی مامۆسـتای دواناوەندی بـە کاروبارەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یان هەڵسانی مامۆستای سەرەتایی بە کاری نووسـین یـان ژمێریـاری، ئەگەر وا پێویسـت بکات بۆ ئەم ڕێوشـوێنە و پێویستە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی بۆ ڕاست کردنەوەی میلاک بە پێی مادە 3ی یاسای میلاک، جگە لە حاڵەتە پێویستەکان کە دەکرێت تەنسیبەکە بکرێـت بـە ڕەزامەندی وەزیـری تایبەتمەند لـە نێـوان فەرمانگەکانی هەر وەزارەتێک و بە ڕەزامەندی هەردوو وەزیری تایبەتمەند لە نێوان وەزارەت و وەزارەتێکی تر بەم شێوەیەی خوارەوە.

### أ- تەنسیب کردنی مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی

1 - تەنسـیبی مامۆستایانی سـەرەتایی و ناوەندی ئەوانەی خاوەنی توانای تایبەتن و چڕ دەکرێنەوە لەو حاڵەتانەی کە چارەسەر ناکرێن بە گواستنەوەیان، بۆ کار کردن لە نێوان فەرمانگەکانی یەک وەزارەت یان لە نێوان فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ- کارکێڕی خۆجێیەتی و وەزارەتی پەروەردە.

2 - دەكرێت هەڵگرانی بڕوانامە باڵای ماســتەر بەرەو ســەرەوە تەنســیب بكرێــن بــۆ كار كردن لە ناوەندەكانی ســەركردایەتی (المراكــز القیادیة) لە وەزارەتی پەروەردە.

## ماوەی تەنسیب كردنی مامۆستایان

3 – دەبێت ماوەی تەنســیبەكە لە هەموو حاڵەتێكدا لە 2 ســاڵ تێپەڕ نەبێت دەربارەی مامۆســتایان و تەنســیبەكە بۆ ماوەی یەك ســاڵە لە دەســپێكی ڕەزامەنــدی وەزیری تایبەتمەند یان هەردوو وەزیری تایبەتمەند، هەروەها درێــژ كردنــەوەی ئەم ماوەیە بۆ ســاڵێكی تر. دەســەڵاتی درێژ كردنەوەی ماوەی تەنسیبەكە دەبێت بەكار بهێندرێت لە حاڵەتی زۆر پێوستدا و دەبێت وەزارەتەكەی یان فەرمانگە تایبەتمەندەكەی تەنســیبەكە كۆتایی پێ بهێنێت لە كاتی نەمانی هۆیەكانی تەنسیبەكە یان پڕ كردنەوەی پلە بەتاڵەكە لە كاتی دامەزراندن.

4 – دەبێت تەنســیبی هاتوو لە ســەرەوە پەیوەندی هەبێت بە پســپۆری و كارەكانی فەرمانبەرە تەنسیب كراوەكە.

5 - فەرمانگەی سوودمەند دەبێت مووچە و دەرماڵەكانی تەنسیب كراو لە ئەستۆ بگرێت بە درێژایی ماوەی تەنسیبەكەی.(1)

6 - فەرمانگــەی پەیوەندیــدار پابەنــدە بــە كۆتایــی هێنــان بــە تەنســیبی مامۆســتایانی ســەرەتایی و دواناوەندی، ئەوانەی كە ماوەی تەنسیبەكەیان لە دوو ساڵ بەرەو سەروو لە ڕێكەوتی جێبەجێ كردنی ئەم ڕێنماییە.

---

**(1) تێبینی: بە پێی گشتاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی كوردستان ژمارە 1ی ساڵی 2010 كە پاڵپشتە بە گشتاندنی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بە نووسراویان ژمارە 856 لە 2009/1/14، ساڵی یەكەم مووچە و دەرماڵەكانی لە لایەن فەرمانگە بنەڕەتییەكەی خەرج دەكرێت، ئەگەر بۆ ساڵێكی تر درێژ كرایەوە ئەوا خەرج كردنی مووچە و دەرماڵەكانی دەكەوێتە سەر بودجەی فەرمانگەی سوودمەند لە تەنسیبەكە.**

7 - نابێت کاری هیچ مامۆستایەکی سەرەتایی یان دواناوەندی بگۆڕدرێت بە شێوازێک کە پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە بێت وەکو راسپاردن و فەرمان پێدانی و ئینتیداب کردنی بە کارێکی تایبەتی لەم جۆرانە، فەرمانبەری بەرپرس دەبێت مووچە پێدراوەکان بەو کەسەی راسپێردراوە بەم شێوازە راسپاردانە، لە ئەستۆ بگرێت لە ماوەی ئەم راسپاردنە سەربارى سزا کارگێڕییەکان.

### ب – تەنسیبی فەرمانبەران

1 – دەکرێت فەرمانبەر تەنسیب بکرێت لە نێوان فەرمانگە فەرمییەکان.

2 –دەکرێت فەرمانبەر تەنسیب بکرێت لە فەرمانگە فەرمییەکانەوە بۆ فەرمانگە نیمچە فەرمییەکان یان بە پێچەوانەوە.

3 –دەکرێت فەرمانبەر تەنسیب بکرێت لە نێوان فەرمانگە نیمچە فەرمییەکان ئەگەر هاتوو میلاکیان هاوشێوە بوو و ملکەچی یەک یاسا یان سیستەم یان بنەماکانی خزمەتی شارستانی یان ئەگەر لە نێوان یەک وەزارەت بن.

## ماوەی تەنسیب کردنی فەرمانبەران

4 – ماوەی تەنسیب کردن نابێت لە (3) ساڵ تێپەڕ بێت دەربارەی فەرمانبەران لە هەموو حاڵەتێکدا و تەنسیبەکە بۆ ماوەی یەک ساڵ دەبێت لە دەستپێکی رەزامەندی وەزیری سەرەوە بە مەرجێک ئەم دەسەڵاتە (واتە دەسەڵاتی درێژ کردنەوە) بەکار بهێندرێت لە مەودایەکی زۆر تەسک و لە کاتی پێویست و دەبێت وەزارەتەکەی یان فەرمانگە تایبەتمەندەکە کار بکات بۆ کۆتایی هێنان بە تەنسیبەکە لە کاتی نەمانی هۆیەکان و پڕ کردنەوەی پلەبەتاڵەکان لە دامەزراندن.

5 – فەرمانگــەی ســوودمەند، مووچەکانــی فەرمانبەری تەنســیب کراو لە ئەســتۆ دەگرێت لە حاڵەتەکانی 1 و 2 و 3ی ســەرەوە بە درێژایی ماوەی تەنسیبەکەی.

<u>**تێبینی: بە پێی گشــتاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە 1ی ســاڵی 2010 کە پاڵپشــتە بە گشــتاندنی ئەمینداریەتی گشــتی ئەنجوومەنــی وەزیرانــی عێراقی فیدراڵ بە نووســراویان ژمــارە 856 لە 2009/1/14، ســاڵی یەکــەم مووچــە و دەرماڵەکانــی لە لایــەن فەرمانگە بنەڕەتییەکەیــەوە خــەرج دەکرێــت، ئەگــەر بــۆ 1 یان 2 ســاڵی تــر درێژ کرایەوە ئەوا خەرج کردنی مووچە و دەرماڵەکانی دەکەوێتە سەر بودجەی فەرمانگەی سوودمەند لە تەنسیبەکە.**</u>

**مادەی دووەم:**

فەرمانگەی پەیوەندیدار پابەندە بە کۆتایی هێنان بە تەنســیبی فەرمانبەران ئەوانەی کە ماوەی تەنسیبەکەیان لە سێ ساڵ زیاترە لە رێکەوتی جێبەجێ کردنی ئەم رێنماییە.

## پڕکردنەوەی پلە بەتاڵەکان بە حاڵەتی تەنسیب و ئینتداب و خواستن

**مادەی سێیەم:**

نابێت پلەی بەتاڵ پڕ بکرێتەوە لە میلاکاتی پەســند کراو لە رێگای ئینتیدابی فەرمانبەر لە فەرمانگەیەکی تر یان لە رێگای خواســتن یان تەنســیب تەنیا لــە حاڵەتی زۆر لەناکاو نەبێت بە پێی بنەماکانــی کە لەم رێنماییە هاتوون، و هەروەهــا بە پێــی حاڵەتەکانی هاتوو لە یاســا تایبەتەکان وەکو یاســای خزمەتی دادوەری.

## پڕکردنەوەی پلە بەتاڵەکان بە پسپۆری جیاواز

**مادەی چوارەم:**

نابێت پلەی بەتاڵ پڕ بکرێتەوە کە پێویستی بە توانای زانستی دیاری کراو هەیە یان بڕوانامەی خوێندنی تایبەت کە هیچ پەیوەندییەکی بە پسپۆرییەکەی نەبێت یان خوێندنەکەی لە وەزیفە ئاماژە پێکراوەکە وەکو (دامەزراندنی دەرچووی کۆلیژی بەڕێوەبردن و ئابووری بە وەزیفەی یاریدەدەری کیمیاوی یان دامەزراندنی دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری بە وەزیفەی یاریدەدەری فیزیاوی).

## تەنسیب کردنی فەرمانبەر بۆ پلەیەک خوارتر لە پلە بنەڕەتییەکەی

**مادەی پێنجەم:**

نابێت فەرمانبەر تەنسیب بکرێت بۆ وەزیفەیەک کە ئاستی نزمتر بێت لە ناونیشانی وەزیفەکەی وەکو: تەنسیب کردنی بەڕێوەبەری بەش بۆ وەزیفەی تێبینەر یان ژمێریار بۆ وەزیفەی نووسەر.

**مادەی شەشەم:**

هەڵوەشاندنەوەی ڕێنماییەکانی میلاک ژمارە 3ی ساڵی 1960 و 5ی ساڵی 1962 و 6ی ساڵی 1962 و 7ی ساڵی 1964 و 8ی ساڵی 1968 و 9ی ساڵی 1968 و 10ی ساڵی 1968 و 12ی ساڵی 1969 و 13ی ساڵی 1969 و 14ی ساڵی 1969 و 15ی ساڵی 1969 و 16ی ساڵی 1971 و 17ی ساڵی 1972 و 18ی ساڵی 1973 و 20ی ساڵی 1977.

**مادەی حەفتەم:**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی.